ترێپتۆ-کۆپێنیک دەستەیەکی ڕاوێژکاری کۆچبەری دادەمەزرێنێت!

هاوشاریانی ئەازیز،

ترێپتۆ-کۆپێنیک هەمەچەشنە. سەرووی ٢٨٪ی دانیشتووانەکەی مێژووی کۆچکردن یان پەنابەرییان هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە تۆ یان خێزانەکەت خۆتان کۆچتان کردووە یان هەڵاتوون بۆ ئەڵمانیا و یان کاریگەری هەڵاوردنتان لەسەر بووە. فرەیی کۆمەڵایەتی زۆرجار لە سیاسەت و ئیدارەدا دیار نییە. زۆرێک لە خەلکی ترێپتۆ-کۆپێنیک ڕێگەیان پێنادرێت دەنگ بدەن و ئەگەر زۆرجاریش دەنگ بدەن تەنها بەشێکیان ئەو مافەیان هەیە.

ترێپتۆ-کۆپێنیک دەستەیەکی ڕاوێژکاری کۆچکردن دادەمەزرێنێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی هەموو دراوسێکان ببیسترێت و لەبەرچاو بگیرێت. ئەو دەستەیە پێکدێت لە ترێپتۆ-کۆپنیکییەکانێک کە خۆیان مێژووی کۆچکردن و پەنابەرییان هەیە و لێرە لە قەزاکە دەژین، کار دەکەن، ئاوسبیلدونگ دەکەن، خۆبەخشنە کار دەکەن یان دەخوێنن. هەروەها نوێنەری ناوەندەکانی کۆبوونەوە و ڕاوێژکاریش بەشێک دەبن لەو دەستە ڕاوێژکارییە.

دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ ئامۆژگاری و پشتیوانی فەرمانگەی قەزاکە دەکات لە هەموو پرسیارەکانی بەشداریکردن و یەکگرتن و بەشداریکردنی یەکسانی ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆچ و پەنابەرییان هەیە. دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ و بەردەوام داوای (بە کورتی BVV) دەتوانێت نوێنەرێک بنێرێت بۆ کۆبوونەوە گشتییەکانی لیژنەکانی ئەنجومەنی قەزا ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاری ویلایەت و دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ لە قەزاکانی تر دەکات. لە دەستەی ڕاوێژکاری کۆچبەریدا دەرفەت هەیە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری کۆنکرێتی - لە شوێنی خۆی و بۆ قەزاکە. بۆ ئەوەی ئەمە سەرکەوتوو بێت، داوا لە هەموو لایەنە بەرژەوەندخوازەکان دەکەین داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بوون بە ئەندام.

ئایا لە ترێپتۆ-کۆپێنیک دەژیت یان لێرە دامەزراویت؟ ئایا پێشینەی کۆچ یان پەنابەریت هەیە؟ کە وایە، داواکارییەکەت هەتا ٢٢.١١.٢٠٢٦ (22.11.2026) لە ڕێگەی فۆرمی ئۆنلاینەوە پێشکەش بکە و چەند وشەیەک دەربارەی پاڵنەرت بنووسە:

https://www.berlin.de/ba-treptow-koepenick/politik-und-verwaltung/beauftragte/integration/migrationsbeirat-beteiligung/formular.1726280.php

هەروەها دەتوانیت بە شێوەی جێگرەوە بە پێشەکییەکی کورت لە خۆت، پاڵنەر و بیرۆکەکانتەوە بە پۆست یان ئیمەیڵ داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ لەم ناونیشانە:

Bezirksamt Treptow-Köpenick von Berlin

Büro des Bezirksbürgermeisters, Integrationsbüro

Alt Köpenick 21

12555 Berlin

integration@ba-tk.berlin.de

و خاوەن  *LBSTQIA ئێمە بەڕوونی هانی ئەو کەسانە دەدەین کە بەرەوڕووی ڕەگەزپەرستی بونەوە، داواکارانی پێداویستییە تایبەتەکان و/یان نەخۆشی درێژخایەن بۆ پێشکەشکردنی داواکاری.

Gregor Postler

بەرپرسیاری بەشداریکردن و یەکگرتن بۆ ناوچەی ترێپتو-کۆپێنیک

Katharina Stökl

ڕێکخەری کاروباری پەنابەران و پەیوەندییە گشتییەکان لە ئۆفیسی یەکگرتنی ئۆفیسی قەزای ترێپتو-کۆپێنیک

پرسیارە بەردەوامەکان لەسەر دەستەی ڕاوێژکاری کۆچبەری

بۆچی دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ دامەزرا و دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ چی دەکات؟

بە یاسای نوێی بەشداریکردن بۆ ئیدارەیەکی مۆدێرن لە کۆمەڵگەی کۆچدا، هەر قەزایەک دەستەیەکی ڕاوێژکاری کۆچبەری دەستدەکەوێت. ئەو ئامۆژگاری و پشتگیری فەرمانگەی قەزا دەکات لە هەموو پرسیارەکانی پەیوەست بە بەشداریکردن و یەکگرتن و بەشداریکردنی یەکسانی ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆچ و پەنابەریان هەیە. دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ دەتوانێت نوێنەرێک بنێرێت بۆ کۆبوونەوە گشتییەکانی لیژنە بابەتییەکانی ئەنجومەنی قەزا (BVV  بە و بەردەوام بەدوای ئاڵوگۆڕکردندا دەگەڕێت لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاری ویلایەت و دەستەی ڕاوێژکاری  (کورتی کۆچبەری قەزاکانی تر.

کێ بەشێکە لە دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ؟

١.  ئەو کەسانەی کە مێژووی کۆچکردن و پەنابەرییان هەیە و لە ترێپتو-کۆپێنیک دەژین، کار دەکەن، ئاوسبیلدونگ دەکەن، خۆبەخشانە کاردەکەن یان دەخوێنن. ئەوان زۆرینەی دەستەی ڕاوێژکاری کۆچبەری پێکدەهێنن.

٢.  کەسانێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی کە زانیارییەکانیان لە بەشداریکردن و یەکگرتن و بەشداریکردنی یەکسان بە شێوەیەک کەڵک وەردەگرن کە بۆ ئەو کەسانەی کە پێشینەی کۆچبەری یان پەنابەرییان هەیە لە کارە تەواوکاتییەکان یان خۆبەخشییەکانیاندا تێبگەن. هەر ئەندامێک جێگرێکی دەست دەکەوێت.

فەرمانگەی یەکخستنی فەرمانگەی قەزاکە بە پلەی ڕاوێژکاری بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕاوێژکاری دەکات و لە ڕووی پیشەیی و ڕێکخراوەییەوە پشتگیری دەکات.

دەستەی ڕاوێژکاری کۆچبەری چۆن بانگ دەکرێت؟

کۆبوونەوەی یەکەمی (دامەزراندنی) دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٧ بەڕێوەدەچێت. ئارەزومەندان دەتوانن هەتا ٢٢.١١.٢٠٢٦ (22.11.2026) داواکاری بۆ بوون بە ئەندام پێشکەش بکەن. هەڵبژاردن لە مانگی کانوونی یەکەم/کانوونی دووەم (دیسەمبەر/جانەری) ئەنجام دەدرێت. ئەندامان پەیڕەوی ناوخۆ دەدەنە خۆیان و دیاری دەکەن کە چۆن دەستەی ڕاوێژکاری کۆچبەری کۆدەبێتەوە، کەی و چۆن ئەندامی نوێ لە داهاتوودا هەڵدەبژێردرێت.

مێژووی کۆچ یان پەنابەری واتای چییە؟

مێژووی کۆچ و پەنابەری بەو مانایەیە کە کەسێک یان...

١. خۆی کۆچی کردووە یان هەڵاتووە بۆ ئەڵمانیا

٢. «پاشخانی کۆچبەری» هەیە، واتە منداڵ یان نەوەکانی کۆچبەرن»

٣. کەسانێک کە جیاکاری ڕەگەزییان بەرامبەر دەکرێت. لەوانە بۆ نموونە ئەڵمانی غەیرە سپی پێست یان ئەو کەسانەی کە وەک موسڵمان، جولەکە، سینتیزێ و ڕۆمنجە دەناسرێنەوە.

چۆن دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم؟

داواکارییەکەت هەتا ٢٢.١١.٢٠٢٦ (22.11.2026) لە ڕێگەی فۆرمی ئۆنلاینەوە پێشکەش بکە:

https://www.berlin.de/ba-treptow-koepenick/politik-und-verwaltung/beauftragte/integration/migrationsbeirat-beteiligung/formular.1726280.php

یان بە شێوەی جێگرەوە بە پۆست یان ئیمەیل لەگەڵ پێشەکییەکی کورت دەربارەی خۆت و پاڵنەر و بیرۆکەکانتان بۆ دەستەی ڕاوێژکاری کۆچ بەم ناونیشانەی خوارەوە:

Bezirksamt Treptow-Köpenick von Berlin

Büro des Bezirksbürgermeisters, Integrationsbüro

Alt Köpenick 21

12555 Berlin

integration@ba-tk.berlin.de

بەرپرسیارێتی من وەک ئەندام چییە؟

* بەشداریکردنی بەردەوام لە کۆبوونەوەکان (ئێستا نزیکەی ١٠ کۆبوونەوە لە ساڵێکدا؛ جگە لە پشتیوی گەرمیان بە گشتی ڕۆژی سێشەممە، چوارشەممە یان پێنجشەممە لە کاتژمێر ١٨:٠٠ بۆ ٢٠:٠٠؛ لە شوێنە جیاوازەکان و بە شێوەی دیجیتاڵی)، کاری بابەتیی و تۆرکردن

، بانگهێشتکردن و BVV * ئەگەر ڕۆڵێکی دیاریکراو بگریتە ئەستۆ: بۆ نموونە بەشداریکردن لە لیژنە تەکنیکییەکانی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕاوێژکاری، بەڕێوەبردنی دارایی، پەیوەندییە گشتییەکان یان سەرۆکایەتیکردنی دەستەی ڕاوێژکاری.

دەرماڵەی خۆبەخشی و دەرماڵەی گەشت و ئامادەبوون

و جێگرەکانی هاوڵاتیان، بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان دەرماڵەی خەرجی هەیە. BVV وەکو ئەندامانی بەرزییەکەی ئێستا بۆ هەر کۆبوونەوەیەک ٢٠,٠٠ یۆرۆیە.